


# دڕکەڵانی چاوەکان..

مقداد شاسواری

هەراسان نابم، نا.. خۆ یەکەم جارم نییە، ئیدی ڕاهاتووم. لەبیرمە جاری یەکەم ترس دایگرتم. ترسێکی تاڵ! دایکم هەموو جار دەیگوت «ترس هەیە تاڵە، هەیە شیرینە، هەیە تفتە.. ترسی مزریش هەیە، هەیشە هیچ تامێکی نییە». ترسی جاری یەکەم کە ڕژایە نێو ئەوکم وەک ژەقنەبووت تاڵ بوو. باوەڕم بەوە هێنا دایکم سەری لە فەلسەفەیەکی نەخوێندەوارانە دەردەچێ، چونکە هەستم کرد ناو دەمم، سەر زمانم، دواتریش ناو قوڕگم پڕبوو لە تاڵاو. چەندان جار تامەکەم چەشت! باوەڕم هێنا تاڵە! بە دیوارەکانم گۆت دیارە من شێت دەبم. ئەو لادیوارەی وێنەی باوکمی پێوە هەڵواسرابوو گۆتی: «نا... کوڕم! تۆ خەریکە باڵق دەبی، دەبی بە پیاو»...

نازانم لادیوارەکە دەستێکی بە سمێڵی داهێنا و بزەیەکی هاتێ، یان وێنەکەی باوکم بوو!

ڕووم کردە ئەو لادیوارەی ئایەتولکورسییەکی پێوە هەڵواسرابوو، گۆتم دەبێ ئەو ترسە تاڵەی من چەشنێک بێ لە شێت بوون؟ دەنگێک بە ئاوازێکی سەیر و نامۆ پێی گۆتم: «ئەهریمەن، ئەوە ئەهریمەنە دەیەوێ بچێتە ناو جەستەتەوە، بن پێستت، ڕووباری ڕۆحت شێلوو دەکات. تاڵاوی ترسەکە بچێژە با هێزی خۆڕاگریت پێ ببەخشێ». سامێکی سەیر دایگرتبووم، سەیری دەرگەم دەکرد، بەڵام نیگام لەنێوان من و دەرگەدا نەدەبوو بە پردێک بەسەریدا تێپەڕ بم. نێوان من و دەرگە بۆشایی بوو. بۆشاییەکی ترسناک ( لەبن پردی سیرات، لە دۆزەخ چاڵێک هەیە بۆشاییەکی ئەوەندە قووڵە مرۆڤی گوناهکار کە سەراوژێری ناو چاڵەکە دەبێ، هەزاران ساڵ بەنێو ئاگری چاڵەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و هەرناگاتە بنی)!

هەستم دەکرد منیش ئێستا لەسەر ئەو پردە وەستاوم کە لە تاڵەمووی ڕدێنی باوکم باریکتر و لە شمشێر تیژترە. بۆشاییەکەش ئەوەتا لەبن پێم، سەرم دەسووڕێ. سەری چی، هەر خۆم دەبم بە میزراح و دەسووڕێم. گێژ دەبم، وڕ دەبم. دەبێ لەم مۆتەکەیە ڕزگارم بێ. لەم تەنیاییەدا، ئەمە چ بەزمێکە بەسەرم هاتووە. باوکم دەیگۆت: «هەرچی بەسەرت دێت، پێشتر لەنێوچەوانت نووسراوە»...

ئەی بۆ کەس پێی نەگوتووم باڵقبوون ئاوها ترسناکە، ئەی ئەو هەموو ساڵە، ئەو هەموو دنکە جۆیە، کە گەورە بووم بۆ هەستم پێ نەکرد؟ کەچی پێم خۆش بوو هەستی پێ بکەم. بۆ ئێستا... ئاوڕێکی وێنەکەی باوکم دایەوە. هێشتا بزەکە لەسەر لێوی.. نا.. لەبن دیوارە چڵکنەکەی سمێڵی بوو: سمێڵی هێندە پان و پڕ بوو، نیوەی لای خوارەوەی دەموچاوی داگرتبوو.

«دەبی بە پیاو کوڕم.. دەبی بە پیاو.. ئیدی تەواو.. وەختی خۆناسینتە، وەختی باڵق بوونتە»..

ئەمەیان ئیتر حیکایەتی دنکە جۆ نییە، هەروا سووک و ئاسان منداڵێک نابێ بە پیاو، ئەوەتا من خەریکم قەپێلکی منداڵی دەشکێنم و دەبم بە باوکم.

«کوڕی من وەک باوکی خۆی پیاوێکی چاکی لێ دەردەچێ»...

قوڵپی گریانەکەشم هەر تاڵ بوو، لەسەر زگ ڕاکشام. نازانم ئەویش کەسێک پێی گۆتم، یان لەنێوچەوانم نووسرابوو. وەک ئەوەی من نەبم، دەستێک منی لەسەر زگی خۆم درێژ کرد. ئەقڵ و هۆش و هەموو ئەو شتانەی لەناو سەرمدا بوون بەرەو خوار داکشان، بەرەو ئەو شوێنەی کە هەستم دەکرد لەوێوە بە عەردەکەوە بەستراومەتەوە. ئەوێ کە چەقی باڵق بوونم بوو، ئەقڵ و هۆشم سڕ بووبوون. خوێن لەناو دەمارەکانم مەیبیبوو. دەست و قاچەکانم تەزیبوون، لەکارکەوتبوون. کاتێک وەئاگاهاتم، کە هەستامەوە ژوورەکە بەقەدەر بیابانێکی بێ سەروبن ڕاکشابوو، لە دەورمدا دەسووڕا. هەستم کرد منیش بووم بە میزراح، هەستم کرد دڵم توایەوە و داچۆڕا. ناو قوڕگم شیرین بوو، بەڵام کە سەیری ناو ئاوێنەکەم کرد، بەتاڵ بوو، وێنەکەی منی وەرنەگرت و منیش لەناویدا ڕەنگم نەدایەوە. زانیم ڕەنگێکی وا بە ڕوخسارمەوە نەماوە ئاوێنەکە وەری بگرێ. بەتاڵبوونی ئاوێنەکە تامێکی تفت و تیژی ڕژاندە ناو قوڕگم. ئاو لە چاوم هات، لە لووتیشم، لیکاو لە دەمم جۆگەلەی کرد. هێشتا ترسە تاڵەکەم پێ خۆشتر بوو، ئەمەیان ئازاری دام. لەوسا بەدواوە، لەو ساتەی، کە بووم بە پیاو، دەوروپشتم پڕ بوو لە چاوی ئەبڵەق ئەبڵەق، چاوی ڕەش، قاوەیی، شین، کەسک، مۆر.

باخچەی حەوشە پڕ بوو لە چاو، دیوارەکان بە لەزگەی چاو داپۆشران. هەموو جەستەی دایکم بوو بەچاو، ساتمەم لە چاو دەکرد. چاو دەهاتە ناو پارووی نانم، پیاڵە و پەرداخ هەمووی شێوەی چاویان وەرگرت. یەک ڕیز چاو بە ڕستە و تەنافەکەی جلکانەوە هەڵخرابوو. گوڵدان و ئینجانە بچووکەکانی سەر لێواری پەنجەرەکەی بان ژووری باوکم، یەکی دوو چاویان لێ دەرچووبوو.

– «کوڕم ئەوەندە مەچۆ بەردەرگەی حەوشە سەیری ڕاست و چەپی کۆڵانەکە بکەیت! عەیبە.. تۆ ئیتر پیاوی»، باڵندەکان ملوانکەی چاویان کردبووە ملیانەوە. دارەکانی باخچە پۆل پۆل گەڵای چاویان گرتبوو. چاوەکانی لە هی دایکم دەچوون ناشیرینتر بوون. سپیاتییەکەیان شێلوو بوو، شێلوویەکی تەڵخ، بێتام تەڵخ.

«کوڕم ئافرەتێک دێتە ماڵەکەمان بۆ ئاوا

چـاو دەبڕییـە نـاو چـاوی، عەیبـە، تـۆ پیـاوی، شـەرم بکـە»...

ئەگـەر میوانێکـی ئافرەتمـان هەبووایـە، ئیتـر دایکـم سـەیری میوانەکـەی نەدەکـرد. هەمـوو چاوە تەڵخەکانی جەستەی تەرخان کردبوو بۆ چاودێریکردنی من. نیگا بەستەزمانەکانی منیش - ئا لـەو ڕۆژەوە کـە گـەورە بـووم و بـووم بـە پیـاو- وەک سـەگی لغاو بەستراویان لێ هاتبوو. خۆیـان ڕادەپسـکاند، دەیانەویسـت پەلامـاری ئافرەتـە میوانـەکان بـدەن و بیانلێسـنەوە. لەباتـی ئـەوەی لیـکاو لـە دەمـم دەرچـێ، لـە چاوەکانـم جۆگەلـەی دەکـرد، چـاوی باوکـم زمانـی هەبـوو. خێرا خێـرا دەیتروکاندن و قسـەیان دەکـرد، مـن لێیـان تێدەگەیشـتم.

«چیـدی بـۆ دەرس خوێنـدن مەچـۆ سـەربان کـوڕم، خەڵکـی چیمـان پـێ دەڵێـن، عەیبـە تـۆ پیـاوی».

هەمـوو جارێکیـش کـە دەیگـۆت « تـۆ پیـاوی»، سـمێڵەکانی درێـژ دەبوونـەوە، کونەکانـی لووتـی فشـتر دەبـوون. چاوەکانی بریقەیـان دەدا. پەرژینی تـەل و داوە چڵکنەکانـی ڕدێنـی لـە خۆشـییان یەکتریـان لـە ئامێـز دەگـرت. لەبـری گژوگیـا و گـوڵ و گوڵـزار، چاویـان لـەم لا و ئـەو لای ڕێگـەی قوتابخانەکـەم چەقاندبـوو، چـاوی باوکـم دەبـووە مـار و لەگەڵـم دەخزایـە نـاو پێخەفەکـەوە.

«لـە ڕێگـەی قوتابخانـە سـەیری ئـەم لا و ئـەو لات مەکـە، کـچ و ژنـی خەڵـک دێـن و دەچـن، عەیبـە. پیـاو دەبـێ سـەری داخـاو بەڕێگـەدا بـڕوا کـوڕم، تـۆش پیـاوی»..

هـەر تەقەڵـە دروومانێکـی لێفەکـەم بووبـووە چاوێـک. باوکـم تابلـۆی چاوێکـی بـە لادیوارەکـەی بەرانبـەر قەرەوێڵەکـەم هەڵواسـیبوو، زۆرجـار لـە تاریکایی، لـەو چاوە دەپاڕامـەوە ساتێک بنووقێ، بـەڵام ئـەو گەورەتـر دەبوو، ئەوەنـدە گـەورە دەبوو هەمـوو قـەوارەی ژوورەکەمـی دادەگـرت، وای لـێ دەهـات وەک ئاوێنـەی ژوورەکـەم سـاتێک دایکـم ساتێکی تـر باوکمی نیشـانم دەدا. زیاتـر لـە چاوە تەڵخەکانی دایکم، چاوە مۆنەکانی سـەر کاشییە سپییەکانی حەمـام ئازاریـان دەدام. لەبەرانبەریـان دەکەوتمـە سـەرچۆک، دەگریـام، دەپاڕامـەوە تەنیـا سـاتێک، کەمتـر لـە چرکەیـەک بنووقێـن، هـەر هیـچ نەبـێ پێڵووەکانتـان بتروکێنـن، بـەڵام وەک چاوەکانـی باوکـم ئەوەنـدە بـێ بەزەیـی بـوون، پێڵووەکانـی خۆیـان ماندوو دەکـرد و نەیاندەتروکانـد.

«لـەوە دەچـێ لـە حەمامەکـە خـەوت لـێ بکـەوێ کوڕم! ئەوەنـدە لـە حەمـام چـی دەکەیت، خێـرا خـۆت بشـۆ و وەرە دەرەوە. زۆر مانـەوە لـە حەمـام حەرامـە، کەراهەتـی هەیـە. ئەهریمـەن لەگەڵـت دێتـە ژوورەوە کـوڕم، تـۆ پیـاوی». نیگاکانـم کەلەپچـە کرابـوو، زمانـم، قوڕگـم، دڵـم. هەمـووی کەلەپچە کرابوو، هەستەکانم سندم کرابـوون. سڕ بووبـووم. لـە پەلوپـۆ کەوتبـووم، ئیفلیج بووبـووم.

«ئەوەنـدە لەسـەر زگ ڕامەکشـێ کـوڕم، حەرامـە، باشـتر وایـە لەسـەر قەبرغـەی ڕاسـت ڕاکشـێیت، ئاوهـا... تـۆ ئیتـر منداڵ نیت ئەوشـتانە نەزانـی، تـۆ پیـاوی»...

پەشـیمانم، نەدەبوایـە قۆزاخـە و قەپێلکـی منداڵێتیم بشـکێنم، بـەڵام چۆن؟ دەکرا؟ ئـەی ئەو نووسینەی سـەر تەوێـڵ و نێوچەوانـم. پیاوبـوون چ زیندانێکـە، چ وەیشـوومە و کارەسـاتێکە، چ دیـل بـوون و سـندمێکە.

«ئەوەنـدە لـە خوشـکت نزیـک مەکـەوە کـوڕم، ڕاسـتە هەردووکتـان خوشـک و بـران، بـەڵام ئەهریمـەن ئـەو شـتانە نازانـێ، حەرامـە، ئەویـش خەریکـە عـازەب دەبـێ و تـۆش ماشـەڵڵا بوویەتـە پیـاو».

دەمارەکانـی جەسـتەم، پەنجەکانـی دەسـت و قاچـم، داوداوی قـژی سـەرم، هەمـووی بوونەتـە دڕکـە تەلبەنـدی سـنوور و بەدەورمـدا کێشـراون،

هەموو سنوورەکانیش حەرامن. چاویش بووەتە هەزاران دڕکی تێلبەندی سنوورەکان. من پیاوبوونی خۆم مەزاد دەکەم. لەگەڵ منداڵێک سەودای پێ دەکەم، لەگەڵ پیرەمێردێک، لەگەڵ مردوویەک، هەرکەس دەیەوێ، من لەو چاوانە بێزارم، لەپیاوبوونم بێزارم، لە پیاوبوونم بێزارم، لە نووسینەکەی سەر تەوێڵ و نێوچاوانم بێزارم.

***

هەراسان نابم، نا.. خۆ یەکەم جارم نییە. ئیدی ڕاهاتووم. یەکەم جار ترس دایگرتم، جاری یەکەم کە تەنیا لەماڵەوە مامەوە، ئەوسا بوو کە ناو دەمم تاڵ بوو، کە گەورە بووم و بووم بە پیاو، کە لەسەر زگ ڕاکشام و باڵق بووم، ژوورەکەم لێ بووە بیابانێکی بێ سەروبن، نە دارێک، نە دەوەنێک، نە کەسێک. من و ترسێکی تاڵ، من و تەنیاییەکی قورس، ئیدی لەوسا بەدواوە ئارەزووم تەنیا لە ماڵ مانەوە بوو، تەنیا لەماڵ جێیان دەهێشتم.

«پیاوەکە! ئادەمی کوڕمان گەورە بووە، با ئەوەندە لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ لەگەڵمان نەگەڕێ، نەوەک ئەو خزمانە پێیان ناخۆش بێ، کوڕەکەمان بووەتە پیاو، کچ و ژنی ئەو خزمانە شەرمی لێ دەکەن»...

ئەوەبوو هەموو جار لە ماڵەوە بەتەنیایان دەهێشتمەوە، خوا خێری نەنکم بنووسێ جاربەجار هەواڵی مردنی دەگا و هەموویان ڕادەکێشێتە ئەوێ، کەچی هەموو جارێکیش، مەلا میعاد یاسینێکی پیرۆزی لەسەر دەخوێنێ و ئەویش لە مردنەکەی پەشیمان دەبێتەوە. ئەم جارەش وەک جارانی پێشوو، وێ ناچێ وا بە ئاسانی بمرێ، ئێستاش لە نەبوونی ئەواندا بێجگە لە چاوەکانی باوکم، هەموو چاوەکانی تر نووقاون. چ جەژنێکە، چ سەفایەکە، چێژی پیاوبوون لە تەنیایی و دوور لە چاوە دەرپۆقیوەکاندایە. لەسەر زگ ڕاکشانم دێت، هەمیشە لە تەنیا بوون لەسەر زگ ڕاکشانم دێت. چاوەکانی سەر کاشییە سپییەکانی حەمامیش نووقاون، با لێرە، لەبەر چاوە هەڵواسراوەکانی باوکم لەسەر زگ ڕاکشێم. لە پڕێکدا دەنگی دەرگەی حەوشە حەپەساندمی، کێیە دەیەوێ چێژی تەنیاییم لێ تێک بدات. لەپشت جامی پەنجەرەی ژوورەکەی باوکمەوە سەیری دەرگەی حەوشە دەکەم. لە درزی بن دەرگەکە سێبەری دوو پێ دەبینم. تازە ئیتر دڵنیا دەبم گوێم درۆم لەگەڵدا ناکا، کەسێک ئەوەتا لە دەرگاکە دەدا.

«دەبێ نەنکم مردبێ، یان وەک جارانی پێشوو، لە مردنەکەی پەشیمان بووەتەوە. ئاخر بۆ هاتنەوەی ئەوان هێشتا زووە، ئەدی کێیە»...

دیوارەکانی ژوورەوە دیسان پاشەکشێ دەکەن، بنمیچەکە هەڵدەکشێ، ترس.. خەریکە دەکەومە ناو بیابانەکە. کەسێک دڵۆپ دڵۆپ تاڵاوەکەی دەتکێنێتە ناو قوڕگم.. پێویستە هەتا زووە لەسەر زگ ڕاکشێم، ساتەکانی تەنیا بوون و لەسەر زگ ڕاکشان دووبارە نابنەوە، چاوەکان هەر بە نووقاوی نامێننەوە.

هەروا لە دەرگە دەدرێ، دەبێ بڕۆم، ناو سەرم وەک شیشڵدانێکی لێ هاتووە تەنیا فوویەکی مابێ بۆ تەقین. هەر هەنگاوێکم بەرەو دەرگە دەبێتە ڕەشەبایەک و هەزاران گەڵای سەوزی حەزەکانم هەڵدەوەرێنێ. هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆمم نەدابووەوە، کە من دەرگەم کردووەتەوە، یان پەردەم لەسەر کەڤاڵ و تابلۆیەک لاداوە، دەنگی وەک مۆسیقایەگی شل ڕژایە ناو گیانم و وەک موچڕکەی تەوژمێکی سستی کارەبا هەژاندمی. دەروونم بە یەکجار سەراوبن بوو، هەڵتەکام، وورووژام، زمان و لێوەکانم تێکەڵ بە یەک بوون.

«فەرموو»...

لەنێوان ماڵی ئێمە و «نیگار»دا تەنیا دیوارێک

هەبوو، هەر لە سەرەتای دروستبوونی دنیا، ئێمە دراوسێ بووین، ڕۆژ نەبوو چەندان جار سەر بە ماڵماندا نەکات، بەڵام پێش گەورەبوونم، بەر لەوەی ببم بە پیاو نیگارم وا جوان و شۆخ نەدیبوو، باوەڕم هێنا کوڕ، کە دەبێتە پیاو نیگای چاوانیشی دەگۆڕێ، نیگا دەبێتە زمان و لە دوورەوە تامی ڕامووسان دەچێژێ. لەو ڕۆژەوەش کە بووم بە پیاو، هەزاران چاوی تەڵخ و مۆن و ئەبڵەق، هەزاران پەرژینیان لە دەورمدا کێشا. خۆ پەرژینەکەی نێوان من و نیگار لە دیواری کۆنی چین، پانوبەرینتر بوو. قەت نەمتوانی و نەموێرا ئەوەندە نیگام لەسەر دەموچاوی ڕاگرم، دڵم بڵێ ئۆخەی! لەو ڕۆژەوە کە ترسێکی تاڵ تکایە ناو قوڕگم و قەپێلکی منداڵێتیم شکاند و بووم بە پیاو، بینین و نیگاکردنی هەموو ئافرەتێکم لێ حەرام بوو، تەنانەت دەموچاوی دایکم و خوشکم کەمتر دەدی، لەو ڕۆژەوە ئەو دووچاوەی خۆمم لێ بووە بەڵا.

زۆرجاران حەزم دەکرد چاوەکانم بە کەسێک، بە نابینایەک ببەخشم ئەو ئابڵوقەیەیان لەسەر هەڵگرێت و بۆخۆی تێر سەیری هەموو شتێک و هەموو کەسێک بکات. من بەرانبەر بە چاوە بەستەزمانەکانم هەستم بە تاوانباری دەکرد، لە بینینی دار و دیواری وشک و بێ گیان بێزار بووبووم، هەموو وشە و ڕستە درێژەکانی ناو کتێبەکانم لێ بووبوونە چاو، هەرچی لەسەر لاپەڕەی دەفتەرەکانم دەنووسی، دەبوون بە چاو، دیوارەکانی ماڵەوە هەموو ژەنگی دەنگەکانی باوکمیان گرتبوو.

«ئافرەت بە هەموو شێوەیەک ئەهریمەنە، ئەو ئافرەتە دایک بێ، خوشک بێ، کچ بێ، خێزان بێ، هیچ فەرقی نییە. ڕەگەزی ئافرەت بەشێکە لە ئەهریمەن، کاری ئەوەیە سەرنجی پیاو ڕابکێشێ». فەرمایشتەکانی باوکم وەکوو توێکڵە چڵکێک دیوارەکانی هەموو ژوورەکانیان داپۆشیبوو.

«نیگار»ی سەر تابلۆکەی بەرانبەرم دێتەگۆ.

«خەوتبووی ئادەم؟».

ترسام، ئەمەیان ترسێکی شیرین بوو. جارێکی تریش باوەڕم هێنا بە فەرمایشتەکانی دایکم. ڕاستە ترسەکان تامیان هەیە، ئەمەیان ترسێکی شیرین بوو. دەبێت لە خەودا بم؟ دەبێت ئێستا من خەوتبێتم و نیگاری سەر ئەم تابلۆیەش بەشێک لە خەونەکانم بێ؟ ئەی کوا ئەو چاوانەی لە خەونەکانیشمدا چاودێریم دەکەن؟ بۆ لێرە نین؟ نا.. من نەخەوتووم، ئەمە «نیگار»ی دراوسێمانە و ئەوەتا وا دەیبینم. زمانی چاوەکانم، وا دەیلێسنەوە. ئێستا دەزانم تامی لێوەکانی لەو هەنجیرە گەییویانە دەچێ کە هەمیشە حەزم بە خواردنیانە. لە ڕوومەتیدا مزریی پرتەقاڵە سوورەکان دەمژم، من نەخەوتووم، ئەمە نیگار بۆ ئەو پرسیارەی لێ کردم.

«بۆ وا دەلەرزی ئادەم؟»...

ئەمەیان قەینا، با بلەرزم، خۆشییەک لەم لەرزینەدایە. من دەمەوێ هەموو کاتژمێرەکان لە کوشتنی کات بوەستن، با من لە بەرانبەر ئەو تابلۆ نایابە وشکەوە بم و ڕەق هەڵگەڕێم و ببم بە تەنێکی بەردین! هەموو ئەندامەکانی لەش و گشت هەستەکانم لەناو هەردوو چاوانم کۆبوونەتەوە. ئەوەتا دڵم لەناو چاوەکانم لێ دەدا، گوێچکەم لەناو چاوەکانم مۆسیقای هەناسەکانی نیگار وەردەگرێ. چاوەکانم هەناسە دەدەن و هەناسە وەردەگرن، چاوەکانم تامی ماچەکانی نیگار دەکەن، چاوەکانم فەرمانم پێ دەدەن، چاوەکانم بیر دەکەنەوە، چاوەکانم دەستیان هەیە، قاچیان هەیە، چاوەکانم ئەقڵ و هۆش و فامیان هەیە،

«نەخۆشی ئادەم؟»...

چاوەکانم ئاهەنگی ئازادبوونیان دەگێڕن، ئەوە نییە تاڵەکانی برژانگەکانم بوونەتە ژێی مۆسیقا و پەنجەکانی چاوەکانم دەیانژەنن؟ چ سەدایەکی خۆشیان لێ دەردەچێ، چاوەکانم هەتا ئێستا

بە کوێریی دەیاندیت، بە کوێریی سەیری شتیان دەکرد، سەیری کەسەکانی دەوروبەریان دەکرد، بەڵام کوێر بوون. چاو هەیە کوێرە و دەبینێ، چاویش هەیە زەق و بیناو ڕۆشنە، بەڵام نابینێ.

«هاتوومە بۆ نەختێ سەهۆڵ»..

دەگەڕێمەوە ناخی بەتاڵەوەبووم، هیچ بەدی ناکەم، تەنیا هەست بە ئاگرێک دەکەم وا لە دەروونمدا دەمسووتێنێ. ئەوە سەدای دەنگێکە لەناو سەرم «من ئافرەتم، من ئاگرم، ئێشم ئەوەیە بتسووتێنم» دەسووتێم و هەڵناقرچێم. دەنگی باوکم دنیای خۆشیم دەشێوێنێ:

«ئاگری دۆزەخ حەفتا کەرەت بە ئاوی سارد شۆراوەتەوە، ئەوجا بووەتە ئەو ئاگرەی ئێستا، جا دەبێ ئاگری دۆزەخ چەند لەو ئاگرەی ئێمە دەیبینین گەرمتر بێ، سەیریش لێرەدایە دۆزەخییەکان ساڵەهای ساڵ هەر دەسووتێن، کەچی نامرن.. هاوار بە ماڵم»...

من کەوتوومەتە ناو دۆزەخ، یان دۆزەخ گواستراوەتەوە ناو دەروونی بەتاڵی من. هێزێکی سست و لەرزۆک گەڕایەوە ناو قاچەکانم و بە ئاسانی لەسەر ڕێگەی نیگار لاچووم تا ئەویش وەک ماسییەکی نەرم بخزێتە ناو دەریای تەنیاییم. دەرگەی حەوشەم داخست، گوێم لە چرپەی چاوەکانم بوو کە بەسەر جادەی ئاوریشمینی هەناسەکانیدا دەڕۆیشت. لەناو چوارچێوەی دەرگەی ژوورەکەی باوکم بووەوە بە نیگاری ناو تابلۆکەی جاران، کە ژووری کپ و بەتاڵی بینیی وەرسووڕایەوە لای من، قەدێکی ڕاکێشراو و کەمێک گۆشتن، سپیاتی پێستی ناسک و گەشی، لەودیو ئاوریشمی تەنکی کراسەکەیەوە موگناتیسی هەموو دڵ و نیگایەک بوو، چ بگاتە دڵ و نیگا تامەزرۆکەی من. شتێکی سەیر لەناو چاوەکانی دەدرەوشایەوە، ئەو چاوانەم خۆش ویست، حەزم لێ بوو بەنووکی زمان، ئارام و لەسەرەخۆ، هەنگوینەکانی ناو چاوی بلێسمەوە، ئەوە تەنیا جووتە چاوێک بوو ڕقم لێی نەبوو. دەتگۆت خۆر و مانگ لەناو چاوەکانی ئەودا هەڵاتوون، چاوەکانی ئەو پڕ بوون لە نیگار. هەموو نیگارەکانیش باوەشیان بۆم کردبووەوە و بانگیان دەکردم. چاوەکانی ئەو ئارامترین دەریا بوون بۆ نەهەنگێکی شێت و سەرگەردانی وەک من، لانکی هێوربوونەوەی هەموو هەستە دژوارەکانی من بوون، دنیای من بەقەد چاوەکانی ئەو بچووک بووبوونەوە تا لەودیو چاوەکانی، پێ بنێمە دنیایەکی بێ سەروبن، دنیایەک دوور لە چاوانی ئەبڵەق و تەڵخ و مۆن، دنیایەک وێنەی باوکم بەهیچ دیوارێکیدا هەڵنەواسرابێ، دنیایەکی بێ دیوار، بێ پەرژین، دنیایەک کە پڕ بێ لە من و نیگار. دوو هەنگاو بۆ دواوە کشایەوە، دڵم لەناو سینگمدا هەستی بە جێ تەنگی دەکرد، هەموو نیگارەکانی ناو چاوەکانی نیگار باوەشیان بۆم کردبووەوە و بانگمیان دەکرد.

- وەرە.. وەرە ئادەم.. ئێرە مەملەکەتی تۆیە.. تۆ مەلیکی دابڕاوی ئەم مەملەکەتەی. زەمەنێکە بێ تۆ ئەم خاکە، تینوێتی بڕستی لێ بڕیوە، خاکی ئەم مەملەکەتە نەزۆک بووە، نەزۆک.. وەرە، وەرەو دابارە بەسەر ئەم خاکە سووتاوە.. وەرە...

هەزاران دڵ لەبن پێستی دەست و قاچ و سینگ و پشتم کەوتبوونە ترپە و لێدان، دەستەکانم وەک لاولاوی باخچە ژاکاوەکەی باوکم لە چناری جەستەی نیگار ئاڵان. لە هەر هەناسەیەکدا بەهارێکی تازەم بۆن دەکرد، لە هەر ماچێکدا جارێکی دی لە دایک دەبووم. چ لەزەتێک لە مەملەکەتی ئەودیو چاوەکانی نیگار بوو. نیگام کەوتە سەر وێنە بەدیوار هەڵواسراوەکەی باوکم، چاوەکانی بووبوون بە دوو گۆمی خوێن و ژەهرێکی ڕەشیان لێ دەتکا، دەنگێک لەنێو جەنگەڵستانی ڕیش و سمێڵی مڕەی دەهات. ترسام، ترسام نەوەک

لە وێنەکە دەرچێ و دەست لە بینە قاقام بنێ. دەستی نیگارم گرت و لە ژووری باوکم هەڵاتین، ئاوڕێ دواوەم دایەوە و هەموو چاوەکانی سەر دیوارەکان و سەربان و ناو باخچە سیس بووەکەی باوکم و سەر کاشییە سپییەکانی حەمام و ئەوانەی لەسەر ڕستە و تەنافەکان هەڵواسرابوون. بوونەتە گەلە گورگ، باڵیان لێ ڕوابوو و وەک زەنگەسوورە بەدوامانەوە دێن. ویزەیان دێ و دێن، دەرگەی ژوورەکەی خۆم داخست، لە کونی کلیلەوە هاتن، چووینە مەتبەخەکە لە درزی بن دەرگەوە هاتن، خۆمان کوتایە ناو حەمامەکە لە دووشەکەوە داباریـن، چووینە ئاودەست لەناو کونی زێرابەوە هاتن، هەموو چاوەکانم دەناسی. چاوەکانی باوکم و هیی دایکم لە هەمووان زیاتر بوون، لە پێشەوە دیاربوون. چاوەکانی باوکم ڕیش و سمێڵیان هەبوو، مرەیان دەهات. چاوەکانی دایکم تەڵخ بوون، دڵیان دەگوشیم. گریانم هات، حەپەسام، نیگارم لە ئامێز گرت، نەمزانی بۆ کوێی بەرم، هەناسەبڕکێمان پێ کەوتبوو، ئەوەندەی لەبەر چاوەکان ڕابکەین شەکەت و ماندوو بووین. هێرشی چاوەکان لێمان نزیک دەبووەوە، مرە و ویزەیان دەهات، گەیشتنە بان سەرمان، وەک هەورێکی ڕەش شەغەلەیان دا، دایان لە تریشقە و گرماندیان.

- نیگار..

- ئادەم..

- با لەناو دڵم بتشارمەوە نیگار، ئەمە بارانێکی ژەهراوییە، دەمانتاوێنێتەوە. بەناو چاوەکانمدا ڕێگە هەیە بۆ ناو دڵم، بچۆرە ئەوێ، وەرە نیگار، وەرە با حەشارت دەم.

- نا ئادەم من مەشارەوە، ئەو هەورە لابەرە، پەنجە بخە ناو یەک بە یەکی چاوەکان. کوێریان بکە، بیانتەقێنە، تۆ دەبێ بەگژ ئەو چاوانەدا بچیتەوە، ئۆقرەیان لێت بریوە، ژیانیان لێت کردووە بە دۆزەخ، ئەو چاوانە کوێر کە ئادەم.

- ناتوانم نیگار.. ناتوانم.. دەرەقەتیان نایەم.

- دەتوانی ئادەم.. چاوەکان کزن.. لاوازن.. بێ ورەن. چەند چاوێک لەناو دەستەکانت بلیقێنەوە ئەوانی تر هەڵدێن.. دەڕۆن. بەرۆکمان بەردەدەن، ئەو چاوانە نیگبەتن ئادەم.. ئەو چاوانە لە دۆزەخەوە هاتوون، تەژین لە گوناح، نابینی چەند مۆنن؟ چەند تەڵخن، چەند لیخنن، ئەو چاوانە بێزارمان دەکەن.

- باشە نیگار.باشە، بەڵام دەستم، دەستم دەلەرزێ. پەنجەکانم سەمای ترسیانە، پەنجەکانم تۆقیون.

- بەهێز بە ئادەم.. بەهێز بە.. چاوەکان ترسنۆکن.

- گرتیانم نیگار.. کۆمەڵێکم گرت، ئەوەتان لەناو مستمن.

- بیانگوشە ئادەم، بەزەییت پێیاندا نەیەتەوە. نووزەیان لێ ببڕە.

کەوتمە لێدانی چاوەکان، بۆ تا ئێستا بیرم لەوە نەکردبووەوە، چاوەکان ترسنۆک بوون. کوشتیانم، زۆربەیان خۆیان مردن، هەڵوەرین، ژاکان، مردارەوەبوون، نەمان، نەمان، هەورە ڕەشەکە نەما. سەیری هەرچوار لا تەنیشتی خۆمم کرد، هەستم بە بوونی پاشماوەیان دەکرد خۆیان لە پەناگەکان داڵدەدابوو، بەڵام ئیدی ئەو ترسەم لێیان نەما. گەڕاینەوە ژوورێ، وێنەی باوکم بەسەر لادیوارەکەدا جوانتر دەینواند، وێنەی دایکم لەناو زەینمدا دەتگۆت فریشتەیە، باوەڕم بەوە هێنا تازە بووم بە پیاو. توێکڵێک لە قەپێلکی منداڵێتی هەر لە دەورم ئاڵابوو، تازە ڕزگارم بوو لێی، دوور لە لاشەی بێ شوماری چاوە فلیقاوەکان، لە بەهارێکی مەملەکەتی چاوەکانی نیگار، لە جەستەی ئەودا موتوربە کرام و ڕۆحمان ئاوێتە بوو.